https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.7

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# قەیرانی دارایی و کاریگەری لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا – توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر

د. میدیا ابراهیم فتاح
فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران
media.fatah@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی قەیرانی داراییە لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا، و چۆنییەتی زاڵبوونیان بەسەر بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی کارکردنیان و بونیادنانی کولتورێکی نوێ بۆ کارکردنیان. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو ئەنجامدراوە، کۆمەڵگەی توێژیتنەوە پارێزگای هەولێرە، نموونەی توێژینەوە بریتین لە (٨) ژن لەوانەی کاری ئازاد دەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە قەیرانی دارایی فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا، پێویستی خێزان بۆ کارکردنیان پاڵنەرە بۆ شکاندنی بەربەستەکان، ئەمەش تاڕادەیەک کلتوورێکی نوێی دامەزراندووە بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا بەشێوەیەک وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت کە بۆ خێزان و کۆمەڵگە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گرنگیی خۆی هەیە.

**وشە کلیلییەکان:** قەیرانی دارایی، کاری ئازاد، کلتووری کارکردنی ژنان، هزری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی ژنان، پێگەی ژنان.

## قەیرانی دارایی و کاریگەری لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا – توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر

### پێشەکی:

بە درێژایی چەندساڵی ڕابردوو، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی سەخت بووەوە، کە تا ئێستا بە تەواوی لە ئاسەوارەکانی ئەو بارودۆخە سەختە ڕزگاری نەبووە. ئەگەر باسی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر هەرێمی کوردستان بکەین، دەکرێت بڵێین لەڕووی ئابوورییەوە گەورەترین ئاسەواری لەسەر ژیان و گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگە هەبووە، بێگومان ئەمەش کاردانەوەی لەسەر تێکڕای لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووە.

قەیران و بەتایبەتی قەیرانی دارایی، ئاسەواری نێگەتیڤ و مەترسیداری خۆی دەبێت لەسەر تاک و کۆمەڵگە، لەوانە: دواکەوتنی گەشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، ئابووری، تەندروستی، دەروونی، لاوازی ئاستی گەشەکردن و پەرەپێدانی مرۆیی، سەرهەڵدانی بێکاری، زیادبوونی نەخوێندەواری، دابەزینی ئاستی هۆشمەندیی هاوڵاتییان و چەندین کێشەی دیکە. (عەبدوڵلا، ٢٠١٧) ئەم بارودۆخە سەختە کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد, بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن و پێشێلکاری بەرانبەر مافەکانی ژنان و منداڵان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە. (ئیبراهیم، ٢٠١٦). بێکاری یەکێکە لە ئاسەوارە هەرە دیارەکانی قەیرانی دارایی، نەبوونی هەلی دامەزراندن و کەمبوونەوەی هەلی کار و بێئومێدی هاوڵاتیان لە کاری حکومی و دامەزراندن بووە پاڵنەرێک بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەیەکی جێگرەوە بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزان، لێرەوە ژنان دەستیان کرد بەکاری ئازاد و چیدی تەنیا چاوەڕوانی پارەی حکومەتیان نەدەکرد، چەندین ژن

دەستیان کرد بەکارکردن لە چەند جۆرە پیشەیەک کە پێشتر لەلایەن خێزانەکانیان و کۆمەڵگەشەوە ڕێگەیان پێ نەدەدرا ئەو جۆرە کارانە بکەن. (ئەحمەد، ٢٠١٦). ئەوەی شایەنی پرسیارە، ئەوەیە کە ئایا سەرباری ئاسەوارە نەرێنییەکانی قەیرانیی دارایی و سەختی باری ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییان ئەو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە بە هۆیەوە سەریانهەڵدا، دەکرێت بڵێین قەیرانی دارایی ئاسەوای ئەرێنی هەبووە لەبارەی گۆڕینی هزری تاکی کورد لەبارەی کارکردنی ژنان و گرنگیدان بە ڕۆڵیان لە کارکردن و دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزان؟ ئایا قەیرانی دارایی بووەتە هۆی ئەکتیڤبوونی ژنان و فراوانبوونی کارکردنیان لە بازاڕی ئازاد و بونیادنانی کلتوورێکی نوێ بۆ کارکردنیان؟

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی گەیشتنە بە ئامانجێک یان زیاتر، ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاد و بەزاندن و شکاندنی کلتووری باوی کارکردنی ژنان لە سنووری ماڵ و فەرمانبەریتی، و کێبڕکێکردنی پیاوان و زاڵبوون بەسەر بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم کارکردنی ژنان، و بونیادنانی کلتوورێکی نوێ بۆ شێوازی کارکردنی ژنان و گۆڕانی پێگەیان لە ناو خێزاندا.

**قەیرانی دارایی چییە؟**

لە ڕووی ئابوورییەوە قەیرانی دارایی بارودۆخێکی توند و کتوپڕە, کە باڵانسی دارایی وڵات ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەبێتە هۆی داڕمانی بەشیک لە دامودەزگا داراییەکان و کاریگەری نەرێنی لەسەر دامودەزگاکانی تریش دەبێت. (فارجا، ١٩٧٥: ١٢٦). لە ڕووی داراییەوە قەیران واتە داڕمانی سیستمی دارایی بە گشتی لەگەڵ

هەرەسهێنانی بەشێکی زۆر لە دەزگا دارایی و ناداراییەکان کە دەبێتە هـۆی لاوازبـوونێکی زۆر بـەهێز یـان نـەمانێکی چـڕی چالاکییـە داراییەکان. (البزاز، ١٩٩٥: ١٦٠). هەروەها قەیرانی دارایی کێشـەیەکە کە لـە هاوسـەنگیی سیستمی دارایی لـە وڵاتێک یان ناوچەیـەک یان چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا دروست دەبێت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ناهاوسەنگی لەنێوان توخمەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن. (السمو، ٢٠١٦). لـە لایـەکی تـرەوە، قـەیران تـەنها بریتییـە نییـە لـە مەترسـی Threatsرسـک Risks و ململانێ Conflict و نابەرقـەراری Instability، بـەڵکو قـەیران چـانس Opportunitiesیـان هـەلیش دەگرێتـەوە، بۆیـە قـەیران حاڵـەتێکی نابەرقەرارییـە کـە پێشـبینی گۆڕانێکی بنەڕتی و جەوهەری و یەکلاکەرەوەی لێدەکرێت کە ڕەنگە ئەنجامی خراپی هەبێت، بەڵام زۆرجار ڕەنگە ئەنجامی زۆر باشیشـی هەبێت. (منذر، ٢٠٠٣: ١١٧).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە قەیرانی دارایی ئەو بارودۆخەیە کە ڕووبەڕووی دەزگا داراییەکان هەرێمی کوردستان بووەتەوە، لـە ئەنجامـدا بـۆتە هـۆی داڕمـانی بەشـێکی زۆر لـە بەشـەکانی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا کاریگـەریی ئـەرێنی و نـەرێنی هـەبووە لـە بـوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

**کاری ئازاد:**

کـاری ئـازاد؛ واتـە هـەر جـۆرە کارێـک کـە سـەر بـە لایـەنێکی حکومی نەبێت، تاک لێرەدا بۆ حیسابی خۆی کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێـژەی قـازانج. (النـاغی، ٢٠٠٠) کرێکـاری ئـازاد ئـەو کەسـانەن کـە بـۆ حیسـابی خۆیـان یـاخود بـە هاوبەشـی لەگـەڵ کۆمپانیایـەکی دیـاریکراو کاردەکـەن، ئـەو کرێیـەی وەریـدەگرن زۆرجـار پشـت بـە ڕێژەی قـازانجی

بەدەستهاتوو دەبەستێت. (ابو الخير، ٢٠١٧). کاری ئازاد ئەو کارانەیە کە تاڕادەیەک تاک بە ئیرادەی خۆی هەڵیدەبژێرێت, دوای ڕازیبوون بە مەرجەکانی خاوەن کارەکە یاخود ئەو کەس و لایەنەی کە هاوبەشی دەبێت. واتای کاری ئازاد لەم توێژینەوەیەدا  تێکڕای ئەو کارە نافەرمی و ناحکومییانەیە کە ژنان ئەنجامی دەدەن بە هەڵبژاردنی خۆیان و بۆ حیسابی خۆیان، چ خۆیان خاوەنی سەرمایەی کارەکە بن یاخود هاوبەش و شەریکییان هەبێت لە سەرمایەکە, یاخود لای خاوەن سەرمایەیەک کار بکەن و کارکردنیان لە دەرەوەی سنووری ماڵ بێت و تەقلیدی نەبێت (واتە تەنها ئەو کارانە نەبێت کە بە کاری ژنانە ناودەبرێت).

### هۆکارەکانی قەیرانی دارایی:

لای هەمووان ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی دارایی گەورە بووەتەوە، هۆکارەکان زۆرن، هەر لە بڕینی مووچە و بودجەوە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە کە وەک کارتێک دژی هەرێم و بەرەوپێشچوونەکانی بەکارهێنا و هەم شەڕی داعش, کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرت و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە کە بارگرانییەکی یەکجار گەورەی خستەسەر شانی هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لە دابەزینی نرخی نەوت بە ئاستێکی ترسناک, کە هەرگیز چاوەڕێ نەدەکرا، بۆیە ئەمانە هەموو پێکەوە باری دارایی هەرێمی بە ڕادەیەک لار کرد کە نەتوانێت تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانیش لەکاتی خۆیدا  بە پاشەکەوتیشەوە دابینبکات. (عبدالله، ٢٠١٦). قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە کە بوونەتە پاڵنەر بۆ سەرهەڵدانی، وەک نەبوونی پلانێکی ستراتیجی دوورمەودا، و پشت بەستن تەنها بە نەوت وەک تاکە سەرچاوە یان سەرەکیترین سەرچاوە بۆ داهات، و

پشتگوێخستنی سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار.

لە ڕووی پرۆژەکانەوە، جەختکردن لەسەر پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و دروستکردنی کۆمەڵێک شوقە و ڤێلا بە نرخی نەگونجاو, بەشێوەیەک کە کێشەی نیشتەجێبوونی چارەسەر نەکرد، و زۆرینەی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بەرژەوەندیی گشتی تیدا ڕەچاونەکراوە، بەڵکو بەرژەوندیی کۆمپانیا بیانییەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێم، و پشت بەستن بە هاوردەکردنی شتومەک و پێداویستییەکانی بازاڕ هەر لەبەرهەمە نەوتییەکان و کارەبا و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و خۆراک و بەهەدەردانی پارەیەکی زۆر و بڵاوبوونەوەی بێکاری و گەندەڵیی دارایی و ئیداری و بەکارهێنانی دەسەڵاتی حیزبی بۆ بەرژەوەندیی کەسی و حیزبی و زۆری ژمارەی فەرمانبەران و خانەنشینانی حکومی و سەربازی, کە بەشێکی زۆر لە میزانییە بۆ مووچەکانیان دەڕوات. (زەنگەنە، ٢٠١٧) ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تر کە ڕەنگە لێرەدا باس نەکرابێت بوونە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی قەیراناوی سەخت کە زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەریمی کوردستان کرد لە تێکرای بوارەکاندا بە تایبەت کە حکومەتی هەرێم توانای دابینکردنی تەنانەت ڕێژەیەکی کەمی مووچەی فەرمانبەرانی بە بەردەوامی نەما، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفت لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت و تێکچوونی کار و سیستمی کارکردنیان لەڕووی ئیداری و ئابوورییەوە، هەروەها سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی تاک و خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە گشتی.

## کارکردنی ژنان لە کوردستاندا:

کارکردنی ژنان لە کوردستاندا دیاردەیەکی نوێ نییە، ژنانی کورد هەر لە کۆنەوە کاریان کردووە بە تایبەت لە پیشە و کارە دەستییەکان لە چوارچێوەی ماڵدا وەک نانکردن و هەویرکاری و بەرگدووری و دروستکردن و فرۆشتنی هەندێ کەلوپەل. (ئاوارە، ٢٠١٨). ئەوەی لێرەدا پێویستە سەرنجی بدەین, ئەو جیاکارییە جێندەرییەیە کە لە دابەشبوونی کار لە نێوان ژن و پیاو بە دی دەکرێت. جۆری ئەو کارانەی لەبەردەستدایە بۆ ژنان بریتییە لە کارە دەستییەکان یان ئەو کارانەی پێویستییان بە کەمترین کارامەیی و لێهاتووییە یاخود پێویستی بە زۆر مانەوەی نییە لە دەرەوەی ماڵ چونکە ئەرکی خێزان و منداڵ هەر لە ئەستۆی ژندایە. (دایتا، ٢٠١٧) بۆیە کارکردنی ژنان بە کۆمەڵێک مەرجی کۆمەڵایەتی دەورە دراوە بە شێوەیەک کە جۆری ئەو کارانەی لەبەردەستی ژناندایە و پەسەندە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر سنووردارە. بەڵام ئایا لە بارودۆخی نائاسایی و تێکچوونی باری ئابووری، ئەم سنوورە تا چ ڕادەیەک بەربەستە بۆ کارکردنی ژنان؟

بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و خراپی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە و پاشەکەوتکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە مووچەی مووچەخۆران لەلایەن حکومەتەوە، و کەمبوونەوەی هەلی کارکردن، دۆخی خێزان گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار بە شێوەیەک کە توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی زەحمەت بوو و بەرەو برسێتی دەڕۆیشت، بۆیە خێزانەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی جێگرەوە بوون بۆ پەیداکردنی پێداویستیی ژیانی ڕۆژانەیان، لێرەدا کارکردنی ژنان چووە قۆناغێکی نوێوە و ژنان ڕوویان کردە بازاڕی کاری ئازاد بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان. بۆیە کارکردنی ژنانی کوردستان لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا نەخاسمە لە بواری بازاڕ و کاری بازرگانیدا، ڕووی

له زیادبوون کردووه، ئێستا خانمان هاوشێوەی پیاوان لە مۆڵ و شوێنە گشتییەکانی کوردستاندا کاری جۆراوجۆر دەکەن. شارەزایانی بواری ئابووری پێیانوایە، بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە ناچاربوون هاوشێوەی پیاوان کار بکەن. (موحسین، ٢٠١٧). لە لایەکەوە ڕەنگە بەشێک لە ژنان دان بەو ڕاستییەدا نەنێن, کە ئەوانیش پێویستە وەک پیاوان کاربکەن و خاوەنی داهاتی خۆیان بن، هەڵبەتە ژنان خۆیان نەیانویستووە یان ڕێگەیان پێنەدراوە، بۆیە بینیمان لە دوای ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و باشبوونی ڕەوشی دارایی هاوڵاتییان و زیادبوونی پارە، بەشێک لەو ژنانە دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت و خەونی بوون بە خاوەنی داهاتی سەربەخۆی خۆیان لەباربرد. جارێکی تر زۆرینەی ژنان لە کەسانێکی چالاک و بەرهەمهێنەرەوە، بوون بە تاکێکی قوژبنی بێ چالاکیی ماڵەوە(مشەخۆر) بەڕادەیەک لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە ئەو ژنانەی کاریان لە کەرتی تایبەت و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا دەکرد، لە پەنجەی دەست تێنەدەپەڕین، وایلێهات ژنانی لادێکانیش دەستیان لەکارەکانیان هەڵگرت. (حەسەن، ٢٠١٧). بەڵام بەشێکی دیکەیان و سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگانەی بۆیان دروست دەکرێت، جیاواز لە ئەرکی ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵ، شانبەشانی پیاوان بەشدار دەبن لە کارکردن لە کەرتی گشتی و تایبەتیدا، ئەمەش بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان و دەستەبەرکردنی ئابوورییەکی سەربەخۆ. ئەو ژنانە، دەیانەوێت لە ڕێگەی کارکردنەوە هێز و توانای خۆیان بخەنە گەڕ و چاوەڕێی دەستی پیاو نەبن، چونکە ژنان دەتوانن خۆیان کاربکەن و داهات بۆ خۆیان پەیدا بکەن، و بەشداربن لە سیستەمی ئابووری وڵات و گەشەسەندی کۆمەڵایەتی. (فایەق، ٢٠١٥)

دەکرێت لێرەدا چەند پرسیارێک بخەینەڕوو، ئایا هەموو ئەم کارانەی ژنان کردوویانە و دەیکەن وەکو کارێکی سەرەکی و حەز و توانایەکە، یان لە ناچاری و لەگەڵ نەمانی قەیران و باشتربوونی بارودۆخی مووچە

وازیلێدەهێنن؟ بە واتایەکی تر، ئایا کارکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا بووەتە کلتوور یاخود تەنها لە کاتی قەیرانەکان ئەو کارە دەکەن و ئەگەر کەسێک هەبێت بژێویی ژیانیان دابینبکات دەست لە کارکردن هەڵدەگرن؟ ئەگەر ویستیان بەردەوام بن لە کارکردن، تا چ ڕادەیەک ڕێگەیان پێدەدرێت لە ڕووی خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە و خودی ژنان تا چەند پێداگیری لەسەر کارکردن دەکەن وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و مافێکی ڕەوا؟ ئایا قەیرانی دارایی چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر فراوانبوونی سنووری کارکردن بە گشتی و بەتایبەت کاری ئازاد بۆ ژنان؟

**میتۆدی توێژینەوە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بۆ شیکردنەوەی کێشەی توێژینەوەی و گەیشتن بە ڕاستییەکان لەبارەی واقیعی کۆمەڵایەتی پشت بە میتۆدێکی دیاریکراو دەبەستێت. میتۆد ئەو ئامراز و ڕێچکەیەیە کە توێژەر پەنای بۆ دەبات بە مەبەستی گەیشتن بە زانیاریی پێویست بە شێوازێکی زانستی و بابەتیانە. (فاطمة الزهراء، ٢٠١٥: ١٢). کەواتە وشەی میتۆد لە توێژینەوەی زانستیدا ئەو ڕێگەیەیە کە دەمانگەیەنێتە ئامانج، یاخود بڵێین کۆمەڵە پرەنسیپێکی گشتییە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی لە زانستدا داڕێژراوە. مەبەست لە هەڵبژاردنی میتۆدی توێژینەوە ئەوەیە کە لێکۆڵەر دەستنیشانی بکات چ شێواز و میتۆدێک دەگرێتەبەر، تا دەکرێت وردتر و ئاسانتر و خێراتر و هەرزانتر بگات بە وەڵام یاخود وەڵامگەلێک بۆ پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکەی. (ئەلحەسەن، ٢٠٠٥: ٥٣٩) میتۆد ڕێچکەی توێژینەوەکە بۆ توێژەر دیاریدەکات و هەڵبژاردنیشی لەسەر بنەمای ئامانجەکانی توێژینەوە دەبێت.

## میتۆدی چۆنایەتیQualitative Method :

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، میتۆدی چۆنایەتی یەکێکە لە ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی کە لە زانستە مرۆییەکاندا بەکاردەهێنرێت، توێژەر لە ڕێگەی پرسیارە جۆراوجۆرەکان شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو قوڵایی بابەتەکە یاخود دیاردەکە و لەم ڕێگەیەوە لە هۆکار و کاریگەرییەکانی دیاردەکە لە ڕووی پەسەندی و متمانەوە دەکۆڵێتەوە. لەم جۆرە میتۆدەدا داتاکان بە شێوەی وشە، زاراوە و گێڕانەوە دەخرێنەڕوو، هەروەها ئەم میتۆدە زیاتر کار لەگەڵ ئامرازەکانی وەکو تێبینیکردن و چاوپێکەوتن دەکات. (عومەر, ٢٠١١: ١٨٠) ئەم میتۆدە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی هەیە گرنگترینیان کارلێکی نێوان توێژەر و نموونەی توێژینەوە و دروستبوونی متمانەیە کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە زانیاری و داتاکان لە سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی، بەڵام ئەم میتۆدە پێویستیی بە ئامادەکارییەکی پێشوەختەی زۆرە، هەروەها ماوەیەکی زەمەنی درێژتری دەوێت بە بەراوورد لەگەڵ میتۆدی چەندایەتی. (أمزيان، ٢٠٠٨: ٢٢١)

## کۆکردنەوەی داتاکان:

بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا لەبارەی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا پشت بە چاوپێکەوتن بەستراوە.

## چاوپێکەوتن interview:

چاوپێکەوتن بریتییە لە ئاخاوتنێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان توێژەر و لێتوێژراو بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی گرنگ لەسەر بابەتی توێژینەوەکە بۆ دەستنیشانکردن و ئاراستە و دواتر چارەسەرکردن. (عبدالمؤمن، ٢٠٠٨: ٢٤٧). چاوپێکەوتن ئامرازێکی گرنگە لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا، و بە یەکێک لە ئامرازە دەوڵەمەند و کاریگەرەکان دادەنرێت بۆ

کۆکردنەوەی زانیاری, بەڵام بە مەرجی لێهاتوویی توێژەر لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتنەکە، هۆکاری گرنگیی ئەم ئامرازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نموونەی توێژینەوە زیاتر ئارەزووی قسەکردن دەکەن نەک نووسین، هەروەها دروستبوونی کەش و هەوایەکی ئارام و متمانەبەخش, کە دەبێتە هۆی دەسکەوتنی زانیاریی زیاتر و قوڵتر و وردتر. (بدر، ١٩٨٢: ٣٣٩)

**کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کۆی ئەو کەسانە یان ئەو حاڵەتانەی کە کێشە و بابەتی توێژینەوە پێکدێنن، و تێکڕای ئەو توخمانەن کە توێژەر مەبەستیەتی ئەنجامەکانی توێژینەوە بەسەریاندا بگشتێنێت. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تێکڕای ئەو ژنانەی کە کاری ئازاد دەکەن (ئەو کارانەی کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد) لە پارێزگای هەولێر. نموونەی توێژینەوە لە جۆری نموونەی مەبەستدارە، ئەم جۆرە نموونەیە نموونەیەکی نائەگەرییە و بە شێوەیەکی ناهەڕەمەکی هەڵدبژێررێت, چونکە سنوور و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەربڵاوە و دیار نییە، بۆیە توێژەر نموونەیەکی مەبەستدار هەڵدەبژێرێت کە باشترین و دیارترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەی تێدا بێت. (عیشور، ٢٠١٧: ٢٧٣). لەبەر گەورەیی قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوە و بەربڵاوی ناوچەی جوگرافیی کارکردنیان, بۆیە توێژەر نموونەیەکی دیاریکراوی لەو ژنانە هەڵبژارد کە کاری ئازاد دەکەن لە پارێزگای هەولێر و ژمارەیان (٨) هەشت ژنە بەم شێوەیە: ٢ کرێکار لە نانەواخانە، ٢ شوفێری تەکسی، دوکاندار (کوتاڵفرۆش)، خاوەنی چێشتخانە، خاوەنی کۆمپانیا، گوڵفرۆش.

## ئەنجام و گفتوگۆ:

### تەوەرەی یەکەم/ کاریگەریی قەیرانی دارایی لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا

هەرچەندە دابەشبوونی کار لەنێوان ژن و پیاودا بە تایبەت لە کۆمەڵگەی نەریتی بە شێوەیەکی نەریتی و بەپێی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانە، واتە ڕاسپاردنی ژنانە بە کاری ناوماڵ و بێبەشکردنیانە لە بەشداریکردن لە کاری بازاڕدا، بەڵام چەند فاکتەرێک هەن کە دەبنە پاڵنەر بۆ ئەکتیڤبوونی ژنان لە بوارە جیاجیاکانی کاری ئازاددا, وەکو گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان تەنگانە و قەیران. (ایلبورغ، ٢٠١٣).

لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، دابەشبوونی کار لەسەر بنەمای ڕەگەز دەبێت" ژن و پیاو ئەو کارانەیان پێدەسپێردرێت کە دەتوانن ئەنجامیبدەن، لەم حاڵەتەدا ئەرکی ژنان کاری ناوماڵ دەبێت، بەلام لە کاتی قەیران و لاوازبوونی سەرچاوەی داهاتی خێزان، ژنان دەتوانن ئاسانتر لەماڵ بچنە دەرەوە و لەبازاڕدا کاربکەن، چونکە خێزان پێویستیی بە دەستی کار و داهاتەکەیانە، لەمبارەیەوە نموونەی یەکەم لەم توێژینەوەیدا دەڵێت: ***((من قەت فکرم بۆ ئەوە نەدەچوو ئیش بکەم، پیاوەکەم هەموو شتێکی بۆمان دەکڕی هەرچەندە کەمیش با، گاڵتەشی بەو پیاوانە دەکرد وا ژنیان ئیشیان دەکرد، بەلام کە قەیران ڕوویدا و باری ژیانمان زۆر قورس بوو، پیاوەکەم بێ ئیش بوو منیش ناچار بووم ئیش بکەم بۆ ئەوەی مەسروفی ماڵ و منداڵ پەیدا بکەم، هەرچەندە زۆر ماندیم بەلام پێویستی منداڵەکانم تاڕادەیەک دابین دەکەم، ئەگەر ئەم زروفە نەبوایە باوەڕناکەم لە ژیانم ئەم کارەم کردبا، نەک هەر پیاوەکم نەیدەهێشت، بەڵکو خۆم هەر بەخەیاڵمدا نەدەهات))***. هەروەها نموونەی دووەم دەڵێت ***((چۆن قەیران کاریگەری نییە؟ بێ گومان بارودۆخی ژیانی هەموومانی هەڵوەشاند و سەرتاپا گۆڕی، من هەر لە خۆمەوە باس دەکەم، لە بنەماڵەی ئێمە لە***

***کاری ناوماڵ زیاتر قەت ژنمان کاری دەرەوەی نەکردووە، بەڵام بە خۆمەوە چەند خزم و ناسیاوی ترمان هەیە کە ئەوانیش بە هۆی نەبوونی دوای قەیران هەموویان کار دەکەن))***. لە کوردستاندا لای بەشێک لە خێزانەکان کارکردنی ژنان وەکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی یاخود پیویستییەک سەیر ناکرێت و هەمیشە دابینکردنی بژێویی ژیان ئەرکی پیاوە، ئەمە تەنها بۆچوونی پیاوان نییە، بەڵکو لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا ژنانیش لەسەر ئەم بنەمایە پەروەردە دەکرێن، بۆیە هەر لەسەر هەمان بنەما بیردەکەنەوە و پێیانوایە کە ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆی پیاودایە، بەڵام کە باری ئابووری خێزان تێکدەچێت و چیتر پیاو توانای دابینکردی بژێویی ژیانی خێزانەکەی نامێنیت بە هەر هۆیەک بێت بە تایبەت ئەگەر لە دەرەوەی دەسەڵاتی پیاوەکە بێت، لە بەرانبەردا، ڕەنگە هەلی کار لە بازاڕی ئازاددا بۆ ژنان زیاتر برەخسێت، لێرەدا کارکردنی ژن وەک سەرچاوەیەکی جێگرەوە بۆ کارکردنی پیاو دەستپێدەکات، گرنگ ئەوەیە بژێویی ژیانی خێزان دابینبکرێت, بەڵام گرنگ نییە لەلایەن ژنەوە بێت یان پیاو. نموونەی سێیەم دەڵێت: ***((بێگومان کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر ژیانی ئێمە زۆر بوو، من بە ناچاری دەستم بەئیش کرد لە بازاڕدا، من فەرمانبەرم و مەعاش بەشی پێویستییەکانی ماڵم ناکات، بەشێکی زۆری لێ پاشەکەوت دەکرا، و لەکاتی خۆیدا نەدەهات، پێویستییەکانی ماڵیش زۆر بوون و دابیننەدەکرا، بۆیە بیرم لەم کارە کردەوە، و زۆریش سەرکەوتوو بووم، ڕەنگە ئەگەر قەیران نەبا هەرچۆنێک بێت بە مووچە ئیدارەمان دەکرد، بەڵام مووچە نەما و ئێمەش خۆ هەر دانانیشین و چاوەڕێی خێری خەڵک بکەین))***. ژنان بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر کاری ئازاد هەرچەندە فەرمانبەریش بن، چونکە مووچەی فەرمانبەریتی لە سەردەمی قەیرانی داراییدا بەشی پێویستییەکانیان ناکات، ئەگەر بەشیش بکات، ئەوا لە کاتی خۆیدا دابەشناکرێت, بۆیە خێزان ناچارە سەرچاوەیەکی دیکە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بدۆزێتەوە. نموونەی چوارەم دەڵێت: ***((لەگەڵ قەیران باری ژیانمان زۆر قورس بوو، ئیشی***

***پیاوەکەم زۆر کەمی کرد، من ژنی ماڵم و قەت کارم نەکردووە، بەناچاری دەستم بە ئیش کرد، ئەگەر قەیران نەبا قەت ئەو بوێرییەم نەدەبوو بچمە دەرەوەی ماڵ بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان))***.

لەگەڵ کەمبوونەوەی داهاتی خێزان بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بیرۆکەی بەگڕخستنی تواناکانی ژن بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی داهات سەرهەڵدەدات، لە هەمان کاتدا نەبوونی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ خودی ژن کە بتوانێت سنووری ترس و نەبوونی ئەزموونی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ بشکێنێت. لە کاتی شەڕ و نەهامەتی و قەیراندا ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ژنان دەگۆڕێت و زیاتر بیر لەوە دەکەنەوە بژێویی ژیانی خێزانەکانیان پەیدابکەن و وەک تاکێکی بەرهەمهێن بوونی خۆیان بسەلمێنن, چونکە دەستی کاری ئەوان زۆر پێویستە بۆ خێزان و کۆمەڵگەش. (الحداد، ٢٠١٤) لەمبارەیەوە نموونەی پێنجەم دەڵێت: ***((پێش قەیران بابم ئێمەی بەخێو دەکرد، من هەرچەندە دەرچووی کۆلێژ بووم، بەڵام تەعین نەکرام، بیرم لە ئیشی تر نەدەکردەوە، وام دەزانی دەبێ هەر تەعین بم، بەڵام کە ئەم قەیرانە ڕوویدا، باوکم زەرەرێکی زۆری کرد و بێ ئیش مایەوە، ئەوکات خزمێکمان بیرۆکەی ئیشی ئازادی پێم وت و بیرم لێ کردەوە و دەستم پێ کرد، بەخوای ئەگەر ئەم قەیرانە نەبا قەت ئەو فکرەم بۆ نەدەهات بە تایبەت ئیشێک بکەم کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد))***. سەربارى ئەوەی کە ژن وەک مرۆڤێک چەندین توانای هەیە, بەڵام ڕەنگە بیری لەوە نەکردبێتەوە کە چۆن ئەو توانایە بەکاربهێنێت و ئاکتیڤی بکات، بە تایبەت ئەگەر لەبار و گوزەرانێکی تاڕادەیەک ئاسایی و بەرقەراردا بژی، بەڵام کە باری ژیان لار بوو، نەبوونی سەرچاوە بۆ بژێویی ژیان دەبێتە پاڵنەر بۆ ئاکتیڤبوونی ئەو توانایانە و بەکارهێنانیان بە شێوەیەک کە نالەباریی باری ژیان ڕاست بکاتەوە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان چارەسەر بکات و دەربازی بکات. نموونەی شەشەم دەڵێت: ***((لەبەر نەبوونی, پەنام برد بۆ ئیشی بازاڕ، پێشتر کوڕەکانم ئیشیان دەکرد و پێویستمان بە هیچ نەبوو،***

***من ئەسڵەن پێم سەیر بوو چۆن هەندێ ژن دەچن لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن، پێم ئاسایی نەبوو، وا هەستم دەکرد دەبێ هەر پیاو بەخێویان بکات، جا ئیتر برا بێت باوک بێت یان کوڕ بێت یان مێرد فەرق ناکا، بەڵام خۆت دەزانی ئەم قەیرانە بەڕاستی تەئسیری لە ماڵی هەموومان کرد، زۆر خەڵک بەهۆی زەرەرەوە بە بێ ئیش مانەوە وەک کوڕەکانی من، دایم توڕە بوون و شەڕیان دەفرۆشت، باری دەروونی هەموومان زۆر خراپ بوو لە ناوماڵ، و هیچ پارەمان لەبەردەست نەما، ئێ باشە من چی بکەم لەم حاڵەتە، خۆ ناچم دەرۆزە بکەم، یان هەر سەیریان بکەم و بگریەم، بۆیە فکرم کردەوە و ئەم ئیشەم دەست پێکرد و لە خوا بەزیاد بێت سەرکەوتوو بووم و کێشەی ماددی چارەسەر بوو))***. هەروەها نموونەی حەوتەم ***وتی: ((نەبوونی وایکرد من لە ماڵ دەربچم بۆ کارکردن خۆ پێشتر باری ژیانمان زۆر باش نەبوو بەڵام هەرچۆن بێت ئیدارەمان دەکرد، کەچی دوای قەیران گەیشتە ئاستی برسێتی، بابم پێشتر کاری دەکرد" لە خەما تووشی نەخۆشی بوو ئەوەندەشی لەدەست نەما، هەر کچێکیش لە شوێنی من بوایە ئیشی دەکرد))***.

لە کاتی قەیراندا زۆر لایەن لە ژیانی تاکەکاندا دەگۆڕێن و دەبنە بنەما بۆ گۆڕانکاری گەورەتر و بنیادنەر لە ژیاندا، بە تایبەت لە کاتی بێ کاریدا، لێرەدا کارکردن دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ڕزگاربوون لە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بێگومان نەبوونی سەرچاوەیەک بۆ داهات باری دەروونی تاک تێکدەدات و تووشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەکات و زۆرجار متمانەی بە خودی خۆی نامێنێت، بۆیە کارکردن لە لایەکەوە لە کێشە ماددییەکان و کێشە دەروونییەکان ڕزگاری دەکات. نموونەی هەشتەم دەڵێت: ***((من پێش قەیرانیش زۆر حەزم لە ئیش بوو، خوێندنیشم تەواو نەکردووە، بەڵام نەمدەزانی چۆن دەست پێ بکەم لە ماڵەوەش دەیانگوت کەس تۆ تەعین ناکا شەهادەت نییە، دانیشە ئیشت بۆ چییە، بەڵام لە ناخمەوە حەزم لە ئیش بوو، کە قەیران ڕوویدا هەموو***

***شتێک گۆڕا و بار و گوزەرانی هەموومان گۆڕا، بۆیە دەستم بە ئیش کرد، ئەگەر ئەو ئەزمەیە نەبوایە هەر لەماڵیش پشتگیریان لێم نەدەکرد))***. لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەرکی پەیداکردنی بژێویی ژیان لە ئەستۆی پیاودایە، بۆیە ژنان پێویستییان بە پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بە تایبەت لە بازاڕی ئازاددا کار بکەن، لێرەدا قەیرانی دارایی دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بەزاندنی سنوورەکانی ترس و دڵەڕاوکێی کارکردن لای ژنان.

ئەگەر سەیری قەیرانی دارایی بکەین وەکو پرۆسەیەک کە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بەدواوەبوو لە هەرێمی کوردستاندا، بۆمان دەردەکەویت، کە ئەو گۆڕانەی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک داهات کاری کردە سەر تێکڕای بوارەکانی ژیانی خەڵک، بێگومان کاریگەرییە نەرێنییەکانی زۆر زیاتر بوون، بەڵام ڕەنگە کاریگەریی ئەرێنیشی هەبێت بەتایبەت لە ڕووی شێوازی کارکردنی ژنان, کە پێشتر تا ڕادەیەکی زۆر تەقلیدی بوو و ژنان ئەگەر کاریشیان هەبوایە زیاتر کاری فەرمانبەرێتییان دەکرد، ئەگەر کاری ئازادیشیان کردبا، ئەوا هەر لە سنووری ماڵ بوو, وەکو بەرگدووری و نانکردن و هەویرکاری و چەند کارێکی دیکە، ئەگەر لە دەرەوەی ماڵیش کاری ئازادیان کردبا، ئەوا دیسان جۆری کارەکانیان زۆر سنووردار بوو، بەڵام قەیرانی دارایی تاڕادەیەک وەرچەرخانێکە لە شێوازی کارکردنی ژنان و بە دیاریکراوی کاری ئازاد. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاتێک کە کۆمەڵگە پێویستیی بە دەستی کاری ژنان هەبێت, ئەوا ژن ئاسانتر لە ماڵ دەردەچێت و کاردەکات و بژێویی خۆی دابیندەکات و بەشداریش لە دابینکردنی بژێویی خێزان دەکات، لێرەدا لەبەر پێویستیی خێزان بۆ ئەو داهاتە، مەرج نییە کارێکی نەریتی بکات کە بە کاری ژنان دانرابێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەی گرنگە دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزانە، لێرەوە سنوور و چوارچێوەی کاری تەقلیدی بۆ ژنان بە ناچاری دەشکێنرێت و فەزای کاری ژنان لە بازاڕی ئازاددا مەوداکەی فراوانتر دەبێت.

**تـەوەرەی دووەم/ چـۆنیەتیی بەزانـدن و شـکاندنی کلتـووری بـاوی کـارکردنی ژنـان لە سـنووری مـاڵ و فەرمانبـەریتی، و زاڵبـوون بەسـەر بەربەسـتە کۆمەڵایەتییـەکانی بـەردەم بەشـداریکردنی ژنـان و کێبڕکێـی پیاوان لە بازاڕی ئازاد**

لـە کۆمەڵگـەی نەریتیدا، هـزری بـاو لەبـارەی کـارکردنی ژنـان ڕێگـرە لەبـەردەم بەشـداریکردنیان لـە بـازاڕی کـاردا، چونکـە زۆرینـەی ئەنـدامانی کۆمەڵگـە ئـەم کارکردنـە بـە دەرچـوون لـە بـەها و نەریتـە کۆمەڵایەتییـەکان هەژمار دەکەن، لە ئاکامدا ژنـان ئەگـەر کـاری فەرمانبـەریتیش بکـەن، ئـەوا ڕووبـەڕووی چەنـدین بەربەسـت دەبنـەوە، ئـەو بەربەسـتانەش ڕوو لـە زۆربوون دەکەن ئەگەر کاری ئازاد بکەن. (بو قعیقیص، ٢٠١٥)

کـارکردنی ژنـان لـە هـەرێمی کوردسـتاندا سـێکتەرەکانی بـازاڕ و بازرگـانی دەگرێتـەوە، ژنـان لـە تێکـڕای سـێکتەرە ئابوورییـەکان بەشـیان هەیە، بەڵام بە ڕێژەیـەکی زۆر کـەمتر بـە بـەراورد لەگـەڵ پیاوان. (رستم، ٢٠١٧) ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە کارکردنی ژنان بە کۆمـەڵێک کۆت و بەند دەورە دراوە, بە شێوەیەک کە کۆمەڵگە جۆری کارکردنی شیاو بۆ ژنـان دیـاری دەکـات و پەسـەندی دەکـات، بەتایبـەت ئـەو کـارانەی کـە لـە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستیدان. (یغمور، ٢٠١٥: ٦) بەڵام لە بوارەکانی دیکەی کارکردن چەند هۆکارێک هـەن کە بەشێکیان خێزانی و کۆمەڵایـەتی یـاخود کلتـوورین، و بەشـێکی دیکـەیان ژینگـەی کـارکردنە, کە بۆ ژنان بە گونجاو دانانرێت و لـە ئاکامـدا دەبێتـە بەربەسـت لەبـەردەم کـارکردتی ژنـان لـە هـەرێمی کوردسـتاندا. (بەرزنجی، ٢٠١٨) لەمبارەیـەوە نموونـەی یەکـەم دەڵێت: ***((ژن هـەر کارێک بکـات بەربەسـتی بۆ دروسـت دەکەن، من لەبەر نەبوونی ئیشم کرد، بەڵام خۆ خەڵک ئەوە نازانن، جیران و هەندێک لە خزمەکانی پیاوەکەم زۆر تانەیان لێدەدام، زۆریش هەوڵیاندا لەگەڵ پیاوەکەم کە ڕێگەم نەدا، ئەوە گەورەترین کێشە بوو بۆ کارکردنم کە هانی پیاوەکەمیان دەدا، بەڵام ئەو پێیانی دەگوت: من بێ ئیشم، ئەگەر***

***ژنیشم ئیش نەکات ئەدی چۆن بژین و منداڵ بە خێو بکەین؟ خۆ ئەوانەی کێشەیان بۆ دروست کردم قەت نەیاندەپرسی چۆن دەژین و کەسیش یارمەتی نەدەداین، بەڵام کە ئیشم کرد ئەو هەموو موشکیلەیان توشم کرد، گرنگ ئەوەیە من گوێم نەدەدا، و کۆڵم نەدا، و تا بتوانم هەر ئیش دەکەم، با ئەوانیش هەر قسە بکەن، لەبەر پێویستیم بە کارەکە ناچار بووم بەربەستەکان بشکێنم بێگومان بەیارمەتی پیاوەکەم و منداڵەکانم)).***
هەروەها نموونەی دووەم دەڵێت: ***((زۆر زۆرم بەسەرهات لەسەر ئەم ئیشەم، نە جیران ما نە خزم ما گاڵتەم پێ نەکات، ناچار دەبووم پاساویان بۆ بهێنمەوە، تا گەیشتە ڕادەی بێزاری، ئیتر بڕیارمدا گوێ بە قسەی کەس نەدەم مادام ئیشێکی شەریف دەکەم و منداڵەکانم بە خێو دەکەم، ئەدی چی بکەم؟ کە بابیان بێ ئیش بێت، خۆ منیش لەبەر قسەی خەڵکی لە پاڵی دانانیشم و منداڵی خۆم لەبرسا بکوژم)).***

لە کارکردنی ژناندا، زۆرجار بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە ڕەوایەتی و دروستیی کارەکەوە نییە، بەڵکو تەنها داکۆکی کردنە لە کلتووری باوی کۆمەڵگە کە کارکردنی ژنی بەلاوە عەیبە, هەرچەندە ئەو کارە پێویستیش بێت بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی خێزانی و دەربازبوون لە خراپی باری دارایی، بەڵام لێرەدا یەکدەنگیی خێزان و پشتگوێ خستنی تانە و فشارە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە تاکە بژاردە لەبەردەم ژن و خێزانیش، چونکە ئەگەر بکەویتە ژێر کاریگەریی ئەو فشارانە ژیانی خێزان دەکەوێتە مەترسییەوە. نموونەی سێیەم دەڵێت: ***((بێگومان تووشی کۆمەڵێک بەربەست و کێشە بووم، بەڵام بەربەستەکان خێزانی نەبوون بەڵکو کۆمەڵایەتی بوون، خۆ من فەرمانبەریش بووم و هەمیشە هەر لە دەرەوەی ماڵ کارم کردووە، بەڵام کاری حکومی وەک کاری ئازاد سەیر ناکرێت بۆ ژن، هەرچەندە کارەکەت تەقلیدی نەبێت ئەوەندە زیاتر تووشی بەربەست دەبیت، ئیتر دەکەوێتە سەر خۆت تا چەند بەهێزی و دەتوانی ئەو بەربەستانە بشکێنیت بۆ ئەوەی بەردەوام بیت و پێویستییەکانی ژیانی***

***خۆت و خێزانەکەت دابینبکەیت، خۆ ئەو کەسانەی بەربەستت بۆ دروست دەکەن هیچ کات یارمەتیت نادەن کە شتێکت پێویست بێت، کاری ئەوان تەنها تانە لێدان و تەداخولکردنە، بۆیە دەبێت سنووری بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان بشکێنێت، من بە پشت گوێ خستنی قسەکانیان توانیم بەردەوام بم لە کارکردن))***. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کارکردنی ئافرەت زۆر پەسەند نییە، بەڵام ئەگەر مامۆستا بێت یان فەرمانبەر، ئەوە تاڕادەیەکی باش زیاتر پەسەندە بە بەراوورد لەگەڵ کاری ئازاد، چونکە بەربەستەکان زیاتر دەبن، بە شێوەیەک کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەردەوامبوونی ژن لەو کارەدا. نموونەی چوارەم دەڵێت: ***((من ژنی ماڵێ بووم و قەت ڕانەهاتبووم نە خۆم و نە دەوروبەر کە کار بکەم لەدەرەوەی ماڵ، زۆر کێشەم بۆ دروست بوو تەنانەت زۆر خزمان گاڵتەیان پێم دەکرد، بەتایبەت چونکە ئەم کارەی من کاری پیاوانە، بەڵام ئەوەندە پێویستمان بە پارە بوو هەر خۆشم نازانم ئەو هێزەم لە کوێ هێنا و توانیم بەرگەی ئەو هەموو تانە و کێشەیە بگرم))***. نەبوونی دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ خودی ژنان و هەروەها خێزانەکانیان, بۆ شکاندنی ئەو نۆڕم و بەها کۆمەڵایەتییە باوانەی دەربارەی کارکردنی ژنان هەیە و پشتگوێ خستنیان بۆ دەربازبوون لە کێشە ئابوورییەکانی خێزان کە ئەگەر بەردەوام بێت کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کلتووری عەیب و شەرمکردن هۆکارێکی بەهێزە بۆ دوورکەوتنەوەی ژنان لە کاری ئازاد بەتایبەتی ئەو کارانەی کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد، بەڵام ئەمە مەحاڵ نییە بەتایبەت ئەگەر بازاڕی کارکردن یان باری ئابووری خێزان پێویستیی بە دەستی کاری ژنان بێت. (هادفي، ٢٠١٧). نموونەی پێنجەم دەڵێت: ***((لە ڕاستیدا من ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست بووم کە بەشێکیان هەر لە ناو بنەماڵەی خۆمان بوو، مامەکانم بە ئاسانی ڕێگەیان نەدا من ئەو کارە بکەم، دەیانگوت ژن ئەگەر لە وەزیفەی حکومەت نەبێ هەر نابێ کار بکات، بەڵام باوکم پشتیوانم بوو و ڕێگەی دا من ئەو کارە بکەم چونکە بەڕاستی پێویستمان پێ بوو،***

***لەوباوەڕەدام ئەگەر زۆر پێویستمان نەبوایە باوکیشم قبوڵی نەدەکرد من کار بکەم، لە دەرەوەی ماڵیش تووشی چەندین گرفت بووم بە شێوەیەک کە خەریک بوو واز لە ئیشەکەم بهێنم، بەڵام توانیم بەسەریاندا زاڵبم و بەردەوامبم هەم لەبەر پێویستی و هەم لەبەر ئەوەی پیموابوو کە من شتێکی پیرۆز دەکەم و خۆم و خێزانەکەم لە نەبوونی ڕزگار کرد، بەڕای من کارکردنی ژن زۆر سەختترە لە کاری پیاوان چونکە تۆ دەبێ تەحەمولی بارگرانی کارەکە بکەیت لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە، قسە و تانەی خەڵک و ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی بۆت دروست دەکەن)).***

لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەکو هەرێمی کوردستان، ئاسان نییە بۆ ژنان کاری ئازاد بکەن، چونکە ڕووبەڕووی چەندین گرفت و بەربەست دەبنەوە هەر لە ناو خێزانەکانیانەوە و دواتر کۆمەڵگەش، چونکە زۆرێک لە ژنان تەنانەت لە ناو خێزانەکانیان ڕێگەیان پێنادرێت کاری ئازاد بکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەگەر خێزان پێویستیی بە دەستی کاری ژنان بێت، یان داهاتی کارکردنی ژنان، ئەوکات ڕەنگە ئەرکی ئەو ژنە سوکتر بێت چونکە خێزان پشتگیری و پاڵپشتی دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر گرفتێک کە لە کۆمەڵگەدا دوچاری دەبێت، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ ئەو ژنە و زیاتر دەتوانێت زاڵبێت بەسەر گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کارکردن. هەندێکجار خودی ژنان باوەڕیان بە کارکردن نییە و پێیانوایە کە ئەرکی ئەوان تەنها کاری ناوماڵە و ئەگەر لە دەرەوە کاربکەن عەیبە، بەڵام لەبەر سەختیی بارودۆخی ژیان، ڕەنگە ئەو بۆچوونەیان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و خۆیان هەوڵبدەن بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و تەنانەت داکۆکی لەو کارکردنە بکەن لە لایەکەوە وەک مافێکی خۆیان. لە لایەکی ترەوە، وەک سەرچاوەیەک بۆ ڕزگارکردنی خێزانەکانیان لەو بارودۆخە سەختە. (یاسین، ٢٠١٢: ١٢٠). لەمبارەیەوە نموونەی شەشەم دەڵێت: ***((خۆم باوەڕم بە کارکردنی ژنان نەبوو، و بە پێویستم نەدەزانی بیکات مادام کەسێک هەیە بەخێوی دەکات، ئەم***

***بۆچوونــەی خــۆم گــەورەترین ڕێگربــوو بــۆ ئــیش کــردنم، بــەڵام کــە ناچاربووم، دەستم کرد بە کارکردن، دواتر بۆچوونم گۆڕا، ئێستا زۆر حەزم لە کارەکەمە، بەڵام خەڵکی وازم لێناهێنن، ئێستاشی لەگەڵدابێت، هەر کێشەم بۆ دروست دەکەن و تەعلیق لە خۆم و کوڕەکانیشم دەدەن، بەڵام گوێی نادەمێ و هەر بەردەوام دەبم و دەبێت زاڵبم بەسەر هەر کێشەیەک کە تووشم دەبێت، چونکە من ئەزیەتی کەسم نەداوە و داوای هیچم لە کەس نەکردووە، بەڵکو ژن هەر جۆرە کارێک بکات بە تایبەت کاری بازاڕ هەر تەعلیقی لێدەدەن، لە ئەنجامدا کەسیش بەهانایەوە نایەت، من بە بەردەوامی و گوێنەدان و ئیهمالکردنی قسەی خەڵکی توانیم و دەتوانم بەردەوامبم))***. نموونەی حەوتەم دەڵێت: ***((ژن ئەگەر کاریش نەکات لە کۆمەڵگەی ئێمە هەر تانەی لێدەدەن بە هەر هۆکارێک بێت، من تانە و قسەی ناشرین نەماوە پێم نەڵێن لەوەتی ئیش دەکەم، چەند جار دیعایە و سوکایەتییان پێم کردووە، درۆیە ئەگەر بڵێم تەئسیری لە خۆم و ئیشم نەکردووە. زۆریش تەئسیری کردووە، ئێستاش بەردەوامە، بەڵام من لە جاران بەهێزترم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر کێشەیەک کە بۆم دروست دەکەن چونکە قەرزاری کەس نیم و بۆ خۆم کار دەکەم))***.

سیستمی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی خودی ژنان بیرکردنەوەیەکی تاڕادەیەک پیاوانەیان هەبێت لەبارەی زۆرێک لە بوارەکانی ژیان، وەک کارکردن. هزری باو لە کۆمەڵگەی کوردیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەرکی ژنان تەنها کاری ناوماڵە و پێویست ناکات بچێتە دەرەوە بۆ کارکردن، ئەمەش یەکێکە لە بەربەستە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی کارکردنی ژن کە خودی ژنیش بەهەمان شێوە بیردەکاتەوە، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و تێکچوونی باری ئابووری خێزان و لاوازبوون یان نەمانی سەرچاوەی داهاتی خێزاندا، ئەم هزرە دەشێ بگۆڕێت بە تایبەت کاتێک کارکردنی ژن دەبێتە تاکە سەرچاوە بۆ دەربازکردنی خێزان لە سەختیی بارودۆخی

ئابووری، هەر ئەوەش دەبێتە پاڵنەر بۆ زاڵبوون بەسەر تێکڕای ئەو بەربەستانەی کە ژنان دوچاریان دەبێتەوە لە کارکردندا. نموونەی هەشتەم دەڵێت: ***((لە کۆمەڵگەی ئێمە ژن لە ماڵیش بێت وازی لێناهێنن، جا چۆن توانجی لێنادەن ئەگەر لەبازاڕدا کار بکات؟ من هەر خۆم زۆر گوێ بە قسە نادەم ئەوەش وایکردووە کەمتر لە ژنانی دیکە تەئسیرم لێ بکات، بۆیە هەر لە سەرتاوە حیسابم بۆ ئەو بەربەستانە نەکردووە هەرچەندە زۆریشن))***.

بە شیوەیەکی گشتی، لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا کارکردنی ژنان بە شتێکی ئاسایی سەیر ناکرێت، چونکە پێیانوایە کە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژنان ئەرکی پیاوانە جا باوک بێت یان برا یان مێرد یان کوڕ، بەڵام شێوازی کارکردنی ژنانیش ڕۆڵی لە چۆنیەتیی بڕیاردان لەسەر ئەو کارە و قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بۆیە ئەگەر ژن کاریش بکات، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاری فەرمانبەرێتی و بەتایبەتی لە هەندێ بواری وەکو پەروەردە و فێرکردن پەسەندترە لە کاری ئازاد، ئەمەش لە بەر کۆمەڵێک هۆکار کە بەشێکیان پەیوەندی بە ژینگەی کاری ئازادە کە ڕەنگە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر کراوە بێت و ئەمەش بۆ ژنان بە گونجاو دانانرێت. لە لایەکی ترەوە, زۆری ماوەی کاری ئازاد بە بەراوورد لەگەڵ کاری فەرمانبەرێتی، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنێک لە ئەرکەکانی ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە ئەرکی سەرکیی ژنان دادەنرێت. ئەمانەش هەموویان دەبنە بەربەست لەبەردەم کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا، بەڵام ئایا ژنان چۆن دەتوانن بەسەر ئەم گرفت و تەگەرانەدا زاڵبن؟ ئەگەر چی پێویستیی دارایی هۆکاری سەرەکییە بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکان و شکاندنیان بە ناچاری، بەڵام بەهێزی ژنان و توانای بەردەوامبوونیان لەکارەکەدا، توانای زاڵبوون بەسەر ئەو فشارە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەیان پێدەبەخشێت، و دەبێتە هۆی دووبارە

ڕێکخستنەوە و دابەشکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لەناو خێزاندا, چونکە دەبێتە تاکە ئامراز بۆ بەردەوامبوونی ژن لەو کارەدا کە سەرچاوەی سەرکییە بۆ دابینکردنی پێویستییە داراییەکانی خێزان.

## تەوەرەی سێیەم/ ڕۆڵی قەیرانی دارایی لە بونیادنانی کلتوورێکی نوێ بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا و گۆڕانی پێگەیان لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا

چۆنیەتیی بەکلتوورکردنی کاری ئازاد لەسەر بنەمای چەند فاکتەرێک بونیاددەنرێت, گرنگترینیان هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییە، بوێری و متمانەبەخۆبوون و لێهاتووی و زیرەکیی کۆمەڵایەتی و توانای پلاندانان و بڕیاردان و زاڵبوون بەسەر گرفت و کێشەکانی کارکردن. (الهاشمی، ٢٠١٢) بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە بواری کاری ئازاددا کارا بن، ئەوا پێویستی بە هۆشیاریی خودی ژنان هەیە لەبارەی گرنگیی کاری ئازاد، هەروەها هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە گرنگی بەشداریکردنی ژنان لە بازاڕی کاری ئازاددا، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی بونیادنانی هزرێکی نوێ کە تیایدا کارکردنی ژنان لە بواری ئازاددا ببێتە کولتوور، نەک تەنها لە کاتی پێویست پەنای بۆ ببرێت. (لطفي، ٢٠١٥) لەمبارەیەوە نموونەی یەکەم دەڵێت: ***((لە خێزانی ئێمە ژن زۆر کەم کاری دەرەوەی دەکرد، وەزیفەمان نییە چونکە خوێندەواریمان نییە، کاری تریش هەر نەماندەکرد چونکە واماندەزانی بەماڵ و منداڵ و ئیش ڕاناگەین و هەر وا فێربووینە پیاو مەسرەف بکات، بەڵام ئێستا دەزانم کە ئەم ئیشەم چەند گرنگە بۆ خۆم و خێزانەکەم، هەندێک لەو کەسانەی کە لەسەرتای ئیشەکەم گاڵتەیان پێم دەکرد و کێشەیان بۆم دروست دەکرد، و هەموو ڕۆژێک بەدەم گریانەوە کارم دەکرد، چاویان لە من کرد و دەستیان بە ئیش کرد وەک خەیاتی و نانکردن، بۆیە ئەمە بووە تەجروبەیەکی باش بۆ ئێمە کە جاران پێمان عەیب بوو ژن ئیش بکات، ئێستا تەواو گۆڕاوە، بێگومان ئێستا لە ماڵیش قسەم زیاتر دەڕوا چونکە خۆم پارە پەیدا دەکەم))***.

نموونـەی دووەم دەڵێت: ***((بـەش بـەحاڵی خۆم هـەر بـەردەوام دەبـم لـە کارکردن، هەرچەندە زۆر پێویستیمان بە داهاتی ئەو کارە هەیە، بەڵام ئەگەر زروفیش باش بێت من هەر دەیکەم، چونکە بەڕاستی زیاتر قەدری ژیان و هێز و وزەی خۆم دەزانـم ئێستا. ناتوانم وەکو جاران لـە ماڵ دانیشم ئیلا ئەگەر شتێک ڕوویدات لە دەسەڵاتی مندا نەبێت)).***

ئەزموونکردنی هەر پرۆسەیەکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هـۆی گـۆڕانی گـەورە لـە هـزر و بیرکردنـەوەی تاکـەکانی کۆمـەڵگەدا، بەتایبەت ئەگەر ئـەنجامی ئەزموونەکە لەسـەر تـاک و خێزان و کۆمەڵگە ئەرێنی بێت، سەرباری ئەوەی لە بەشـێکی زۆر لـە خێزانەکاندا کارکردنی ژن هەر بە پێویست نەزانراوە، بەڵام لەگەڵ قەیرانی دارایی و دەرچوونی ژنانی ماڵ بۆ دەرەوە بە ناچاری و کارکردن بۆ دابینکردنی پێداویستییە سـەرەتاییەکانی خێـزان، ئەمـە تاڕادەیـەک دەبێتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی هۆشیاریی خێزانی بەشێوەیەک کە خێزانـەکان زیاتر ڕێگە بدەن بە ژنان بـۆ ئـەوەی کـاری ئـازاد بکـەن، ئەگـەر لەبـەر ناچـاریش بێـت، بـەڵام ڕەنگـە دواتـر ئەمـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی کـە کلتـوورێکی نـوێ دابمـەزرێت لەسـەر بنـەمای هۆشـیاریی کۆمەڵایـەتی بەشـێوەیەک کـە کـارکردنی ژنـان وەکـو پێویسـتییەکی بـەردەوام بـۆ خـودی ژن و خێزانەکـەی سـەیربکرێت نـەک تەنها لە کاتی تەنگانەدا، لە ئاکامدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پێگەی ژن لـە خێزاندا دەبێت، بە شێوەیەک کە بەشدارییەکی ئاکتیڤی دەبێ لـە بڕیارەکـانی خێـزان. نموونـەی سـێیەم دەڵێـت: ***((ئـەم قەیرانـە وای کـرد کـە خـەڵک تاڕادەیەک بۆچوونیان بگۆڕێت بەرانبەر ئیشی ژنان، هەرچەندە ناچاری و پێویستیی ماددی وا دەکات کە ئێمەی ژن ئیشی حورِ بکەین، بەڵام دواتر خەڵک زیاتر بیری لێدەکەنەوە و قبوولّی دەکەن یان هـەر هـیچ نـەبێ بـێ دەنگ دەبن، من دوای ماوەیەک لە کارکردنم، و سـەرەڕای ئەو کێشـە و گرفتانەی کە تووشی بووم، خەڵکێکی زۆر دەستخۆشییان لێکردم و چەند ژنێکـی تـر دەسـتیان کـرد بـەئیش و چاویـان لـە مـن کـرد، ئەمـە جێـی***

***دڵخۆشبیوو بۆ من، چونکە بەشێکیان خێزان ڕێگە پێیان نەدەدا ئیش بکەن، بەڵام دواتر ڕەزامەندی خێزانیان وەرگرت، بەس ئەمە مەعنا وا نییە کە تەواوی خێزانەکان قبوڵیان کرد، چونکە زۆر ژنی بەتوانا هەنە، بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت، چونکە بەڕاستی کارکردنی ژنان و بەتایبەت کاری ئازاد پێویستی بە سەقافەتی خێزان و خەڵکیشە. من ئەگەر خێزانم ڕێگەیان نەدابا، قەت نەمدەتوانی ئەم کارە بکەم. بەڕاستی کارکردن زۆر تەئسیری لەسەر پێگەی ژن هەیە لەناو ماڵ، مادام خۆی پارە پەیدا دەکات، زیاتر دەتوانێ ڕای خۆی بدات و بڕیاریش بدات)).***

هەروەها نموونەی چوارەم دەڵێت: ((ئێستا تێگەیشتم ئەو ژنانەی جاران کاریان دەکرد بۆ ئەوەندە سوور بوون لەسەر بەردەوامبوون لەکارکردن، جگەلەوەی کە پێویستمان بە پارەکەیە، بەڵام بەخوا ئەو کەسەی داهات بۆ خێزان پەیدا بکات، ئەگەر ژنیش بێت، زیاتر قسەی دەڕوا، بۆیە من هەر بەردەوام دەبم لە کارکردن)). بۆ ئەوەی کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا ببێتە کلتوور ئەوا پێویستی بە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیریی خێزان و کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە پەسەند بکەن، هەرچەندە سەرەتا و لەبەر ناچاری ژنان ڕوویان کردە کارکردن لە بازاڕی ئازاددا، بەڵام دواتر لەگەڵ بەردەوامبوونی ژنان لەکارکردن، ئەمە قبووڵ دەکرێت و وەک واقیعێک خۆی زاڵ دەکات و ڕەنگە ببێتە پاڵنەر بۆ ژنانی تر هەمان کار بکەن بە مەرجێک ئەگەر خێزان ڕێگەیان پێبدات، چونکە خێزان بەربەستی سەرەکییە بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا و ئەگەر بێت و ئەم بەربەستە بشکێنرێت، ئەوکات بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بە ئاسانی لەناودەچن، ئەگەر خێزان پشتگیری کارکردنی ژنان بکات. ئەگەر پێگەی تاک لە خێزاندا بەند بێت بە توانای ئەو کەسە لە بەشداریکردنی لە دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزان، لەم حاڵەتەدا پێگەی ژن بەرزتر دەبێتەوە، چونکە دەبێتە خاوەن داهاتی

تایبــەتی خــۆی و لــە ئەنجامــدا دەتوانێــت بەشــدار بێــت لــە بڕیارەکــانی پەیوەست بە ژیان و گوزەرانی خێزان.

سەرکەوتن لە ئەزموونی کاری ئازاد و دانبەخۆداگرتن و بەردەوامی و کۆڵنەدان بیرکردنەوەی خودی کەسەکە بەرانبەر بە کارکردن بە گشتی دەگۆڕێت. ورده ورده لـە کۆمەڵگـە تەشـەنە دەکـات و دەبێتـە کلتـوورێکی جێگــرەوە بــۆ کلتــووری بــە پیــرۆز زانینــی کــاری حکــومی و فــەرمی. (نظیف،٢٠١٧) لەمبارەیەوە نموونـەی پێنجـەم دەڵێت: ***((من پێموایە لەگەڵ ئەم زروفەی قەیرانی دارایی بەسەرمانی هێنا، خەڵک وایلێهات کە ئومێدی بە تەعینات نەمێنێت، بۆیە ناچار بوون کە ئیشی حورِ بکەن، بە ڕای من ئەگەر ناچاری نەبوایە، بەنسبەت کچان، قەت خێزان ڕێگەی نەدەدا ئیشی حورِ بکەن، ڕەنگیشە بۆچوونیان بگۆڕێت بەرانبەر ئیشکردنی ژنان و زیاتر مەجال بدەن، و تەنها بیر لە دامەزراندن و وەزیفەی حکومی نەکەنەوە بەتایبەت ئەگەر تەجروبەی ئیشی ژنەکە نەجاحەت بهێنێت و داهات بۆ خێزانەکەی پەیدابکات و کەمترین موشکیلەی هەبێت، ئیتر نازانم ئەگەر زروف باشتر بێت خەڵک چیدەکەن، بەڵام من باسی خۆم دەکەم، تازە ماڵمان فکریان گۆڕایە و زۆر پشتگیریم لێدەکەن، خۆشم زۆر فکرم گۆڕایە و ئامادە نیم لە پێناو هەر شتێک بێت ئەم کارەم واز لێبێنم، چونکە ئێستا دەزانم سەربەستی و حورِییەتی ژن بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئیشکردن بەتایبەت ئیشی حورِ، چونکە بتەوێ و نەتەوێ داهاتی زیاترە و ژن نەک پێویستی بە کەس نابێت, بەڵکو یارمەتی خێزانیش دەدات)).***

دەســتکردن بــە هــەر جــۆرە کــارێکی نــوێ و ئــەزموونکردنی هــەر پرۆسەیەک و سەرکەوتن لەو ئەزموونەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی هزری تاک و کۆمەڵگە بەرانبەر بەو پرۆسەیە، کاری ئازادیش بۆ ژنان یەکێکە لەو بابەتانەی کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەتدەکرێتەوە بەهەر پاساوێک بێت، بەڵام لە ئەنجامی ئەزموونکردن و سەرکەوتنی ژنان لە کاری ئازاد و

ڕزگارکردنی خێزان لە باری ئابووری خراپ, وادەکات کە ئەمە ببێتە شاهیدێک بۆ توانا و لێهاتوویی ژنان لە ئەنجامدانی کاری ئازاد و بڵاوبوونەوەی بۆچوونێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بۆ قبووڵکردنی ئەم جۆرە کارانە بە تایبەت کە لەلایەن خێزانەوە پشتگیری تەواوی لێکرابێت، هەروەها کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێگەی ژن لە خێزاندا هەیە، بە شێوەیەک کە زیاتر دەتوانێ بەشدار بێت و کاریگەر بێت لە بڕیارەکانی خێزان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی بگێڕێت وەکو تاکێکی کارا. نموونەی شەشەم دەڵێت: ***((لەوەتی قەیرانە، ژنێکی زۆر ئیش دەکەن لە مەتعەم بێت یان نانەواخانە، یان هەر ئیشێکی تر کە حورِ بێت، خێزان هەبوو زۆر نەبوونیش بوو, بەڵام پێی کفر بوو کە ژنی یان کچی بچێتە دەر بۆ ئیشکردن، بەڵام بیرکردنەوەی خەڵک گۆڕاوە، من هەر ئەو کەسانەی کە تانەیان لێدەدام و دەیانگوت تۆ چۆن بەم تەمەنە کار دەکەیت، دواتر هەندێکیان هاتنە لام و داوایان دەکرد کارم لەگەڵ بکەن، ئێ باشە ئەمە چۆن ڕوویدا؟ بێگومان خێزان ئێستا زیاتر ڕێگە دەدات بە ژن ئیش بکات، بە ڕای من ئەو ژنانەی کە کاریان هەیە و پارە پەیدا دەکەن لە ناو ماڵ قسەیان زیاتر دەڕوات و گوێی لێدەگیرێت))***. نموونەی حەوتەم دەڵێت: ***((ڕەنگە بارودۆخی من کەمێک جیاواز بێت, بۆیە ئەگەر وەزع باشتر بێت باوەڕناکەم بەردەوامبم چونکە تەندروستیم تەواو نییە، و زۆر هیلاک دەبم لە ئیش, بەڵام ئەگەر باری تەندروستیم باشتر بێت و بتوانم، بەخوا هەر ئیش دەکەم))***.

زۆرجار سەختیی بارودۆخی ژیان و بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە, دەبێتە هۆی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی, کە ڕەنگە بە چەندین بەرنامە و پلان نەیەتە دی، لێرەدا قەیرانی دارایی تاڕادەیەک ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی هزر و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەرانبەر کارکردنی ژنان, بە شێوەیەک کە لە چوارچێوە تەقلیدییەکەی دەردەچێت و زیاتر بەرەو کرانەوە دەڕوات و دەرچوونی ژن لە ماڵ بۆ کارکردن ئاسانتر دەبێت،

بێگومان هەرچەندە ژمارەی ئەو ژنانەی کە کاری ئازاد دەکەن زیاتر بێت و لە کارەکانیاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، ئەمە دەبێتە هۆی پەسەندکردنی کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی کە پێگەی ژن بەرزتر بێت لە خێزاندا بەهۆی ئەو بەرهەمەوە کە بەدەستی دەهێنێت. نمونەی هەشتەم دەڵێ ***((چۆن بەردەوام نابم لە کارێک کە هەموو ژیانمی سەرتاپا گۆڕی، مرۆڤ بە کارکردنەوە جوانە، ژنیش دەبێ توانای خۆی بسەلمێنێ لە کاری بازاڕدا، گوناحە ئەو هەموو وزە و توانایەی ژن هەیەتی لە ماڵدا بمێنێ، جگەلەوەش پەیداکردنی بژێویی ژیانی کەسایەتی ژن بەهێز دەکات، خەڵکیش ناچارن لەمبارەیەوە بۆچوونی خۆیان بگۆڕن، چونکە دیتیان چەند خێزان بە هۆی کاری ژن و کچەکانیانەوە توانیان بەم قەیرانە بەردەوام بن لە ژیان و تووشی سواڵکردن نەبن)).***

کارکردنی ژنان یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بە هزرێکی کۆمەڵایەتیی پاراو و ڕۆشنبیر هەیە بۆ ئەوەی وەکو کلتوورێک سەیربکرێت, کە دەبێتە بنەمایەک بۆ بنیادنانی ژیانێکی مرۆیی تەندروست، بەڵام ئەگەر خودی ژنان هاوشێوەی هزری کۆمەڵایەتیی باو لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا بیربکەنەوە و باوەڕیان بەکارکردن نەبێت, چونکە لەسەر بنەمای ئەوە پەروەردە بوونە. کارکردنی ئەوان شتێکی گرنگ نییە یان پێویست نییە، و بەرپرسیارێتیی بەخێوکردن و دابینکردنی پێداویستیی خۆیان و منداڵەکانیان لە ئەستۆی پیاودایە، ئەمە پێویستیی بە شۆکێکە بۆ خێزان و کۆمەڵگە و خودی ژنانیش بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونە بگۆڕێت، لێرەدا قەیرانی دارایی ڕۆڵی ئەو شۆکە دەگێڕێت, کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هزری کۆمەڵایەتیی باو لەبارەی کارکردنی ژنان بە شێوەیەک کە کارکردنی ژنان  دەبێتە ئەرک و پێویستییەکی کۆمەڵایەتی نەک تەنها پێویستییەکی کەسی بۆ خودی ژن، چونکە ژنان بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێکدێنن، و هێز و وزەیەکی گرنگن کە لە خزمەت

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی باڵا و کارا و ئاکتیڤیان دەبێت. دواتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی لەسەر پێگەی ژنان لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا دەبێت.

## دەرئەنجام:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردی کاریگەریی قەیرانی داراییە لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا و چۆنیەتیی زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و کێبڕکێ کردنی پیاوان لە بازاڕی ئازاددا، هەروەها ڕۆڵی ئەم پرۆسەیە لە گۆڕینی هزری تاک و دامەزراندنی کلتوورێکی نوێ بۆ کارکردنی ژنان و کاریگەریی ئەو کارکردنە لەسەر بەرزکردنەوەی پێگەیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا. لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە قەیرانی دارایی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر کارابوونی ژنان لە بازاڕی کارکردنی ئازاددا، هەرچەندە کارکردنی ژنان لە کوردستاندا دیاردەیەکی نوێ نییە، چونکە ژنان بەتایبەت  چینی مامناوەند و هەژارەکان بەردەوام لە چوارچێوەی ماڵدا کاریان کردووە, وەک بەرگدووری و نانکردن و پیشە دەستییەکان، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەهۆی قەیرانی داراییەوە ژنان لە دەرەوەی سنووری ماڵ زیاتر ڕوویان لە کاری ئازاد کردووە، ڕەنگە لە سەردەمی قەیراندا کاری ئازاد لە دەرەوەی ماڵ تاکە سەرچاوە یاخود باشترین سەرچاوە بووبێت بۆ داهات کە پێداویستییەکانی خێزان دابینبکات، کەواتە ئەو کارانەی کە لە باری ئاساییدا خێزان پەسەندی نەدەکرد بۆ ژنان، لە کاتی قەیران و خراپیی باری ئابووری پەسەندی دەکەن و ڕێگەی پێدەدەن، کەواتە پێویستی خێزان و کۆمەڵگە دەبێتە پاڵنەر بۆ قبووڵکردنی ژنان لە بازاڕی کاری ئازاددا، بەشێوەیەک کە پیشەیەک یان کارێک بکات کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد.

ژنان لە میانەی کارکردنیاندا ڕووبەڕووی چەندین بەربەستی خێزانی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە بە تایبەت ئەو ژنانەی کە پێشتر کاریان لە دەرەوەی ماڵ نەکردووە، ئەوانەی کە پێشتر فەرمانبەریش بوون و ئێستا کاری ئازاد دەکەن ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بوونەتەوە, بە تایبەت ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد, وەک شوفێری و دوکانداری و بەڕێوەبردنی چێشتخانە و نانەوایی، ئەگەر سروشتی کارەکە بە پێی کلتووری کۆمەڵگە پیاوانە بێت، ئەوکات بەربەستەکان ڕوو لە زۆربوون دەکەن، بە تایبەت بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان، ئایا ژنان چۆن توانیویانە زاڵبن بەسەر بەربەستە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان؟

سەبارەت بە بەربەستە خێزانییەکان، پێویستی خێزان بۆ داهاتی ئەو کارەی ژنان و نەبوونی جێگرەوەیەکی تر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان هەر خۆی دەبێتە هۆی لە ناوچوونی هۆکارە خێزانییەکان وەک بەرەبەستێک بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ پاڵپشتیکردنی ژنان لەلایەن خێزانەکانیانەوە و زاڵبوون بەسەر بەربەستە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام ئەوەی یەکلانەکراوەتەوە, ئەوەیە کە ئایا ئەگەر باری ئابووری خێزان باشتر بێت و بتوانرێت بە بێ داهاتی کارکردنی ژنان پێداویستییەکان دابینبکرێت، ئەم ژنانە بەردەوام دەبن لە کارکردن؟ گۆڕانی هزری کۆمەڵایەتی لەبارەی کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاد لە سەردەمی قەیراندا تاڕادەیەک دەبێتە هۆی بونیادنانی کلتوورێکی نوێ بۆ کارکردنی ژنان بە شێوەیەک کە فاکتەری سەرەکی بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا تەنها پێویستیی خێزان و قەیران و ناچاری نەبێت، بەڵکو پێویستییەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی بێت, کە ژن هاوشانی ئەو ئەرکانە کە لە ماڵ جێبەجێیان دەکات و بە پێی کلتووری کۆمەڵگە بووەتە ئەرکی سەرەکیی ئەو، وەکو مرۆڤێکی ئاسایی سەیربکرێت کە خاوەن هێز و توانا و لێهاتوویی و کارامەیی و وزەیە و

توانای بەرهەمهێنان و کارکردن و خزمەتکردنی هەیە لە دەرەوەی ماڵ لە بازاڕی ئازاددا نەک تەنها لە پیشە حکومییەکان وەک مامۆستایەتی و فەرمانبەرێتی.

لەگەڵ بەردەوامبوونی ژنان لە کارکردن لە بازاڕی ئازاددا، متمانەیان بە تواناکانی خودی خۆیان و گرنگیی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان لا دروست دەبێت، داکۆکی لە کارکردنیان دەکەن وەک مافێکی ئاسایی و مرۆیی نەک تەنها وەک پێویستییەکی کاتی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خێزان و کۆمەڵگە، لە ئەنجامدا پێگەی ژنان لە خێزان و کۆمەڵگەدا بەرزتر دەبێت, چونکە بەرهەمهێنان سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ بەدەستهێنانی پێگەی بەرزتر و بەشداریکردن لە بڕیارداندا.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**


- امزيان, محمد محمد(٢٠٠٨)، *منهج البحث الاجتماعي*، المعهد العالمي للفكر, الولايات المتحدة الامريكية

- بدر، احمد(١٩٨٢)، *اصول البحث العلمي ومناهجه*، المكتبة الاكاديمية، مصر.

- البزاز، عادل(١٩٩٥)، *ادارة الازمات المالية بين نقطتي الغليان والتحول*، المؤسسة الجامعية للدراسات والتوزيع والنشر، بيروت.

- الحسن، احسان محمد(٢٠٠٥)، مناهج البحث العلمى، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان.

- عبدالمؤمن، على معمر(٢٠٠٨)، *البحث في العلوم الاجتماعية*، دار الكتب الوطنية- ليبيا

- عومەر، مەعەن خەليل(٢٠١١)، *ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا*، و. زیرەک ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- عيشور، نادية سعيد(٢٠١٧)، *منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية*، مؤسسة حسين راس الجبل للنشر والتوزيع، الجزائر.

- فارجا، يوجين(١٩٧٥)، *ازمة النظام الرأسمالي*، ت:احمد فؤاد بليغ، بيروت.

- فاطمة الزهراء, نسيسة(٢٠١٥)، *منهجية وتقنيات البحث الاجتماعي*، مركز جيل البحث العلمي, لبنان.

- منذر، شومان(٢٠٠٣)، *الاعلام والازمات*، مدخل نظري وممارسة عملية، دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة.

- الناغي, محمود(٢٠٠٠)، *فكر العمل والانتاج الابداعي في اطار الثقافة العربية*، جامعة المنصورة، القاهرة.

**سەرچاوە ئەلکیترۆنییەکان**

- ئاوارە، تانیا(٢٠١٨)، ژن چۆن دەبێتە خاوەنی ئابووری تایبەتی خۆی، دواجار بینین ٢٠١٨/٨/٢٥ .http://knwe.org/?p=20169&paged=3

- ئەحمەد، ڕێبین یار(٢٠١٦)، کارکردنی ژنان بووەتە نەریت، دواجار بینین ٢٠١٨ /٥/٢٩

http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=
.251427

- ابو الخير، احمد عمر(٢٠١٧)، دور العوامل الشخصية والبيئية في نجاح العمل الحر، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى الجامعة الاسلامية، غزة

- ئیبراهیم، زاهیر(٢٠١٦)، لاوازی دادگا وقەیرانەکان لە پشت زیادبوونی تاوانەکانەوەن، دواجار بینین ٢٦/ ٢٠١٨/٥
https://rojnews.news/کۆمەڵایەتی/لاوازی-دادگا-و-قەیرانەکان-لە-پشت-زیادبوونی-تاوانەکانەوەن-٤٩٢٥.

- ایلبورغ، کاترین(٢٠١٣)، المراة والمساواة والهمل- مكاسب الاقتصاد الكلي من المساواة بين الجنسين، اخر قراءة ٢٠١٨/٩/١٢.
file:///C:/Users/Media/Desktop/تاثير%٢٠عمل%٢٠المراة%٢٠على%٢٠الاقتصاد.pdf.

- بەرزنجی، شوان(٢٠١٨)، ٢٥% ئافرەتانی کوردستان لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، دواجار بینین ٢٠١٨/١٠/١ .

- http://www.basnews.com/index.php/so/economy/kurdistan/470489

- بو قعيقيص، هالة(٢٠١٥)، المرأة العاملة والتنمية، اخر قراءة ٢٠١٨/٩/٢٠

- .http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=466172&r=0

- الحداد، زرين(٢٠١٤)، تغير ادوار النساء بسبب الازمة، اخر قراءة ٢٠١٨/٩/٩ https://www.fmreview.org/ar/syria/haddad.

- حەسەن، گوڵباخ(٢٠١٧)، کارکردنی ژنان ناچاری یان ماف؟ دواجار بینین ٢٠١٨/٦/٢٧ http://metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=313&Jmare=458.

- دايتا، ناميتا(٢٠١٧)، النساء في عالم العمل المتغير،اخر قراءة ٢٠١٨/٨/٢٠ http://blogs.worldbank.org/voices/ar/jobs/women-changing-world-work-not-just-more-jobs-better-jobs-women.

- رستم، نارين(٢٠١٧)، نساء كوردستان ينخرطن في سوق الاعمال، اخر قراءة ٢٠١٨/١٠/١ http://www.niqash.org/ar/articles/economy/5767/.

- زەنگەنە، حسين(٢٠١٧)، اسباب الازمة المالية في كوردستان وسبل الخروج منها, دواجار بينين ٢٠١٨/١٠/١ https://kitabat.com/2017/01/28/أسباب-الازمة-الاقتصادية-في-اقليم-كورد/.

- السمو، صابرين(٢٠١٦)، مفهوم الازمه الماليه، دواجار بينين ٢٠١٨/٥/٢٦ https://mawdoo3.com/مفهوم_الأزمة_المالية.

- عەبدوڵلا، کنێر(٢٠١٧)، قەیرانی دارایی: هۆکار و کاردانەوەکانی، دواجار بینین، ٢٠١٨/٥/٢٧ -http://penus.krd/news364-65.htm.

- فایەق، شنە(٢٠١٥)، ڕۆڵی ژن لە گەشەسەندنی ئابوریدا، دواجار بینین ٢٠١٨/"٦/٢٢ https://rojnews.news/ژن/رۆڵی-ژن-لە-گە-شە-سە-ندنی-ئابووریدا-٢٨٢

- لطفي، سعد(٢٠١٥)، العوامل التي ادت الى نشر ثقافة العمل الحر, اخر قراءة ٢١٠٨/٩/١٢ https://www.arageek.com/2015/06/25/6-factors-of-freelance-work-spreading.html.

- موحسین، سەروین(٢٠١٧)، ئافرەتانی کوردستان دێنە مەیدانی کارەوە، دواجار بینین، ٢٠١٨/٦/٢٢ http://www.basnews.com/index.php/so/economy/kurdistan/368532

- نظيف، احمد(٢٠١٧)، خارج اسوار سجن الوظيفة- قصص نجاح العمل الحر, اخر قراءة

- ٢٠١٨/٩/٢١ https://raseef22.com/economy/2017/02/07/العمل-الحر/.

- هادفي، منجية(٢٠١٧)، النساء والاقتصاد البديل، اخر قراءة ٢٠١٨/٩/٢٦ http://bel-ahmar.net/?p=1988.

- الهاشمي، ايمان خفنى عبدالحليم(٢٠١٢)، الممارسة العامة للخدمة الاجتماعية لتنمية ثقافة العمل الحر كمدخل لمواجهة البطالة،اخر قراءة ٢٠١٨/١٠/٣ file:///C:/Users/Media/Desktop/swr-mqtrh-llmmarst-alamt-llkhdmt-alajtmayt-ltnmyt-thqaft-alml-alhr-byn-alshbab-kmdkhl-lmwajht-mshklt-alshbab-kmdkhl-lmwajht-mshklt-albtalt-drast-wsfyt-mtbqt-ly-qyadat-alml-alhkwmy.pdf.

- ياسين، عبدالقادر(٢٠١٢)، نساء فلسطين في معترك الحياة، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة

**ملخص:**

تهدف هذه الدراسة الموسومة (اثر الازمة الاقتصادية على تفعيل النساء في ميدان العمل الحر- دراسة سوسيولوجية ميدانية في محافظة اربيل) الى تحديد تأثيرات الازمة المالية التي مرت بها كوردستان على تفعيل وتنشيط النساء في ميدان العمل الحر وكيفية تغلبهن على الصعوبات الاجتماعية التي واجهتهن وتغيير الثقافة السائدة في المجتمع حول العمل النسوي الحر بثقافة بديلة مبنية على اساس تمكين المراة في ميدان العمل الحر. وقد تم اعتماد المنهج الكيفي، واجراء المقابلة شبه المقننة. اما مجتمع البحث هو محافظة اربيل، وعينة البحث تكونت من (٨) نساء ممن يمارسن العمل الحر. وقد اشارت نتائج الدراسة الى ان الأزمة الاقتصادية كان لها دورا كبيرا في تفعيل النساء في ميدان العمل الحر، وحاجة الاسرة الى عمل المراة للتخلص من اعباء الازمة الاقتصادية عليهم يعد من ابرز الدوافع التي ساعدت في التغلب على صعوبات العمل الحر، ومن ثم ادت الى تشكيل ثقافة اجتماعية جديدة بخصوص عمل المراة وضرورة عملها ليس بصورة مؤقتة وعند الحاجة فقط، بل على اساس تمكينها للعمل كفرد منتج يلعب دورا كبيرا في عملية التنمية الاجتماعية.

**Abctract:**

**Impacts of the Economic Crisis on activate Women's free work**

The purpose of this research is to identify the impacts of the economic crisis on the private enterprise of women, and how to they can overmaster on the working social barrier and building the new cultural working.  Additionally, for gathering data, this research has been conducted using semi-structured interview in qualitative research. Also, the research society is the county of Erbil and sample size is that (٨) women.

The results of this study have been shown that the economic crisis is the common factors for activation women in the private enterprise. Moreover, family support for women is the most significant social motive to break up the social barriers. That is mean the establishment of the new culture for women working as a social need, for the family, society and social development.